# حوكمی ئامادەبوونی كۆبوونەوە لە خانوێك

# كە پاشكۆی كەنیسەیە

[ بە كوردی ]

حكم حضور الاجتماعات في مبنى تابع للكنيسة

[ باللغة الكوردية ]

فەتوا: سایتی ( ئەلئیسلام پرسیار و وەڵام )

الفتوى: موقع الإسلام سؤال وجواب

وەرگێرانی : سەرباز حەمید كەركوكی
الترجمة : سرباز حميد قادر كركوكي

پێداچونەوە: پشتیوان سابیر عەزیز
المراجعة:بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیاركردنەوەی ڕەوەندەكان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2009 -1430**

islamhouse.com

## حوكمی ئامادەبوونی كۆبوونەوە لە خانوێك

## كە پاشكۆی كەنیسەیە

پرسیار:دەرۆشتین بۆ مزگەوت بۆ ئەوەی وانەو ئامۆژگاری خوشكان بكەین، بەڵام بۆ ماوەیەك داپڕاین لەبەر چەندەها هۆ، لەوانەپابەندنەبوونی خوشكان بەكاتی وانەكەوە، وەلەو ماوەیەبستمان كەوا خوشكانی موسڵمان و غەیرەموسڵمان لەخانووێیك كەپاشكۆی كەنیسەیەوتایبەتەبەئافرەتان كۆدەبنەوە هەموو رۆژێكی دوو شەممە،ئێمەیش ووتمان ممكنەپێشوازیمان لێ بكەن بۆ ئەوەی بانگیان كەین بۆ لای خوای گەورە، بەڵام هەندێك دەڵێین دروست نیەبرۆن بۆ ئەو جێگایە، لەبەر ئەوەی سەربەكەنیسەیە، ئایەئەگەر برۆێین بۆ ئەوەی بانگەوازیان لەگەڵدا بكەین گوناهبار دەبین؟

وەڵام:سوپاس بۆ خوا

پێشەكی داواكارین لەخوای گەورەپاداشتی خێرتان بداتەوەلەسەر هەوڵ و كۆششتان لەوڵاتێك كەوا خەیرو چاكەی تێدا كەمەو خراپەی تێدا زۆرە، خوای گەورەموفەقتان بكات.

دیارە رۆشتنتان بۆ ئەو خانوەی كە پاشكۆی كەنیسەیە چەندەها قەدەغەكراوی تێیدایە، لەوانە:

١-دەبێتەمایەی زیندوکردنەوەی ئەو شوێنانەکەشیرکی تێیدا دەکرێت...

٢-دەبێتەمایەی گومرا کردنی خەڵکی نەفام و نەزان، چونکەوا گومان دەبەن کەوائەو شوێنانە قسەی حەقی تێدا دەکرێت، لەبەر ئەوەیخەڵکی بانگخواز و چاك سەردانی دەکەن، وەبێ گومان ئەمەش دەبێتەمایەی ئەوەی کەگاورەکان تەماح بەو خەڵکەنەزان و نەفامەببەن و لەڕێگەی ڕاستی دووریان کەنەوە.

٣-هاتشوو کردنی ئەو شوێنانەشوێنەواری خراپی دەبێت لەسەر ئەهلی خەیر و عیلم؛ چونکەئەوانەی سەرپەرشتی ئەو شوێنانەدەکەن ڕێزیان لێ ئەگرن و بەگەرمی پێشوازیان لێ ئەکەن و، وەمەنهەجی خۆیان پێشکەش بەئامادەبوان دەکەن، بێ گومان ئەم جۆرەڕەفتارانەوا لەو کەسانەدەکات کەهاتشویان دەکەن بەلای کەمیەوەوا نەزانن ئەو ئایینەی ئەوان پروایان پێیەتی ئاینێکی پوچەڵە، ئەمەش سەرتایی گومڕاییە.

٤-هەروەها هاتشوو کردنی ئەو جۆرەشوێنانە، دەبێتەمایەی دوور کەوتنەوەلەمزگەوتەکان.

وەبزانەئەو گاورانەچۆن سەرکەوتن بەدەست دەهێنن کاتێك موسڵمانان دوور دەکەنەوەلەمزگەوت و، ڕۆڵی مزگەوت ناهێڵن.

لەپاش زانینی ئەم قەدەغەکراوانەبۆمان دەردەکەوێت کەڕۆشتن بۆ ئەو جۆرەشوێنانەحەرامە- والله اعلم - وەدەبێت پارێزگاری لەحەلەقی عیلم و قورئان خوێندن بکرێت لەمزگەوتەکان .

وەئەگەر توانیت ڕێنمویی ئەو کەسانەبکەییت کەهەڵگری ئاینی گاوڕن بۆ لای حەق و ڕاستی، ئەوەهیچی تێیدا نیەبرۆیی بۆ ئەو جۆرەشوێنانەبۆ بانگکردنیان بۆ ڕێگەی خوای گەورە،

بەمەرجێك ئەو ڕۆشتنەتایبەت بێت بەخۆتەوەیان ئەو کەسانەش کەتوانای بانگەوازکردنیان هەیەو زانستی شەرعیان پێیە، وەنابێت ئەو کەسانەبچن کەعیلمیان کەمەو، یان شارەزا نین لەئایینەکەیان...

زانایانی لیژنەی هەمیشەیی و فەتوا دەفەرموون:" دروستەکۆبنەوەلەگەڵ بێ باوەڕان لەشوێنەگشتیەکان کەدەوڵەت دروستی کردوەبۆ گفتوگۆ و کۆڕی زانستی و وتنەوەی وتار دەربارەی ئایین، بەمەرجێك ئەو زانایانەی کەئامادەبوونەهەستن بەروون کردنەوەی بیروباوەڕی ڕاستەقینەی ئیسلام و پایەکانی و ڕەوشتەکانی، وەبتوانن وەڵامی ئەو گومانانەی بێ باوەڕان هەیانەدەربارەی ئیسلام وەڵامیان بدەنەوە بەشێوەێکی زانستیانە، کەببێتەمایەی سەرکەوتنی حەق و بەرگری کردن لێی.

وەئەگەر موسڵمان ترسا توشی فیتنەببێت دەربارەی ئایینەکەی بەهۆی نەفامی و سستی خۆ ئامادەکردن و کەمی زانیاری لەسەر ئایینەکەی، ئەوەدروست نیەئامادەبێت لەو جۆرەشوێنانە، بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت لەفیتنەوتوشی گومان نەبێت دەربارەی ئاینەکەی.